www.kurdistannet.org
18-5-2006 23:15 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کوا لانەیەک بۆ شێتەکان... !؟ ڕێژین ابراهیم

rezhen@maktoob. com

تایبەت بە کوردستان نێت



شێت ئەودنیا جوانەیە کە هەندێك لەمرۆڤ بەهۆی حاڵەتێکی سلبی یاخود چەند حاڵە تێکی نائاسای کەلەمرۆڤدا دەبێتە هۆی تێك چوونی مێشك و باری نائاسای مرۆڤ، شێتەکان دنیایەکی تایبەت بەخۆیان هەیە کە بەجوانی خۆیانەوە گوزەری تیادەکەن، بەڵام زۆرێك لە مرۆڤە شێتەکان بەروکەش لەمرۆڤێکی تەواو دەچن، هەندێکیان قسە خۆش و توانیویانە بچنە نێو دڵی زۆرێك لەو خەڵکانەی کەلەبازارەکان و شوێنە گشتیەکاندا گوزەر دەکەن ڕوو بەروو دەبنەوە لەگەڵیاندا، شێتەکان لەم وولاتەی ئێمەدا واتە لە کوردستاندا شوێنێك نیە بۆ ئەوەی بچن تیایدا بنون یان لەلایەن خەڵکیەوە ڕێزیان لی بگیرێت و سوکایەتیان پێنەکرێت چیدی نەبنە جێگەی یاری پێکردن و فشقیات، بەداخەوە زۆرێك لەخەڵکانی ڕەوشت نزم یاری بەو شێتانە دەکەن کە لەسەر شەقامەکاندا ڕاکشاون ئیسراحەت دەکەن، شێتەکان بەناچ! ارى لەپاڵ دارێکدا یان لەسەر مقەبایەك دەخەون هەندێك جارلەلایەن کەسانێکەوە بەرد بارانی دەکەن بۆئەوەی بەخەبەر بێتەوە و تورەببێت، شێت ڕۆژ بەڕۆژ لەزیاد بوندایە دەچیتە هەر کوچەو کۆڵانێك یان بازارو سەر شەقامەکان شێتێك بەدی دەکەیت، زۆرن ئەو شێتانە ڕەنگە لای هەندێکمان ناسراو بن، باوەڕم نییە کەسێك بەلای شەقامی مەولەویدا ڕۆشتبێت و جەمال شێت و و شیرین شێت و سدیق.... . هتد، بەچەندینی تر کەلەوێدان، لەلای باخی گشتی دوان سیانێکی لییە و لەسەر شەقامی سەهۆڵەکە دووانی لێیە و لەلای ترابیەکە ش کاکە شڤانی عاشق لەوێدا ڕاوەستاوە و چاوەڕوانی عەشقەکەی خۆی دەکات شڤان بەهۆی ئەوەی هەمیشە کەسێکی عاشقەو هەر لەبەر ئەوەی حەزی لە کچێك دەبێت لە شارەکەی خۆی واتە کەرکوك بۆیە نایەدنی و ئەویش لەتاو ئەوەی یادگاریەکانی ئەو سەردەمەی یادگاریە عاشقانەکەی خۆی دووبارە نەبی! نێتەوە بۆیە ناچار سەفەر بەرەو سلێمانی دەکاتو باوەش بە کوچەو کۆلانەکا نی شاری سلێمانی دەکاتو ماچی خۆەویستی بۆ ئەو کورو کچانە هەڵدەدات کە عاشقێکی ڕاستەقینەن، بەڵام بەداخەوە نەمتوانی لەگەڵیان بدوێم تا لەنزیکەوە گوێم لە ئازارەکانیان بێت زۆر هەوڵمدا لێیان نزیك ببمەوە بەڵام وایان دەزانی منێش کەسانێکم بۆ گاڵتە جاری و قەشمەری پێیان دەکەم بۆیە نەمتوانی حیواریان لی وەربگرم، هەروەها لەخوار جادەی کاوەوە شێتێك بەردەوام مناڵ وگەنج لەخۆی کۆدەکاتەوەو قسەیان بۆدەکات بەڵام هەندێکیان ئیستیغلالیان کردووەو هەندێك جار دەکەونە ڕابواردن بەو کەسە، ئەوەی لێرەدا سەرنجی ڕاکێشانم هەڵسوکەوتی ژنێك بوو ماوەیەك هەر

لای جادەی مەولەوی بینیم ئەم ژنە لەروی دەرونینەوە تەواو نیە رۆژانەش بەناو بازارەکاند هاتوو چۆی دەکرد خەڵکانێکی زۆر مستەوا نزم دەیان برد بۆ ئەوەی ممارەسەی سێکسی لەگەڵ بکەن منیش زۆر هەوڵمدا لەنزیکەوە وێنەیەکی بگرم بەڵام ریچگەی نەداوە رەسمی بگرم، لێرەدا خاڵێکی گرنگ هەیە کەدەبێت کاربەدەستان رەچاوی بکەن ئەویش دابین کردنی شوێنێك بۆ ئەو شێتانە کە بەدەیانی تر لە بازارەکاندا شێتی ژن! ی تیایە و پیاوو کوریشیان تیایە من نازانم تاکەی ئێمە گاڵتە بەو مرۆڤانە بکەین کە بەشێکن لەژیانی ئێمە دەبێت هەریەکە لەئێمە بەچاوێکی رێزەوە سەیری بکات، چونکە هاکا خۆشمان لەتاو گەندەڵی ئیداری وو فەسادی و ئەو شتانەی کە رۆژانە توشمان دەبن شێت بین.

تێبینی:

زۆر داوای لێبوردن دەکەم لە بەکار هێنانی وشەی شێت، کە بێگومان ئەو کەسانەن وەك هەموو کەسانێك کە چۆن نەخۆش دەکەون ئەمانیش ئاوهان، نەخۆشییەکەیان دەروونییە و لە ناو ئێمەدە بە شێت ناسراون. ... رێژین





